پوتن و شازادەی جێنشینی سعودیە لەسەر ئاگربەستی ئۆکرانیا گفتوگۆیان کرد



کۆشکی کریملن رایگەیاند، سەرۆکی روسیا لەگەڵ شازادەی جێنشینی سعودیە سەبارەت بە ئاگربەستی ئۆکرانیا بە تەلەفۆن گفتوگۆیان کردووە.

ئەمڕۆ هەینی ١٤ـی ئازاری ٢٠٢٥، کۆشکی سەرۆکایەتی روسیا (کریملن) لە ڕێگەیەندراوێکدا ئاماژەی بۆکرد، دوای ئۆوەی ڤلادیمێر پوتن، سەرۆکی روسیا رایگەیاند کە بە پێشنیازکەی ئەمریکا بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست ڕازییە، پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی کردوو لەگەڵ محەمەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعودیە سەبارەت بە ئاگربەست.

ئۆوشی خستووەتڕوو، لە پەیوەندییە تەلەفونیەکەدا پوتن سوپاسی سعودیەی کردووە بۆ هەوڵە نێوەندگیرییەکانی، لە بەرامبەردایشدا محەمەد بن سەلمان ئاماژەی بە گرنگی چارەسەر و قۆناغی ئۆکرانیا کردووە و ئامادەیی بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک بۆ ئاسیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا دەربڕیوە.

ئۆوش لەکاتێکدایە، ڕۆژی ١٢ـی ئەم مانگە شاندی ئەمریکا و ئۆکرانیا لە سعودیە کۆبوونەوە، دوای کۆبوونەوەکە ترەمپ ڕایگەیاند، ئۆکرانیا بە پلانی ئاگربەستی ٣٠ ڕۆژی ڕازییە و هیوادارن ڕوسیاش ڕازی

بـبـت.